هاوار- ئەزموون: خوێندنەوەیەکی دەروونی بە ئەحلام مەنسوور …* خەلیل سەلیم

پوختە:

ئەم بابەتە، خوێندنەوەیەکی دەروونییە لەبارەی پەتووکی "هاوار"ی ئەحلام مەنسوور، کە خەی لە چوارچێوەی سێ تێگەی دەروونییەوە دەبینەتەوە، کە بریتیین لە: شێوازی ژیان، دەمامك و ئازادی ئەرەنی. لەم خوێندنەوەیدا سەرتا هەوەدراوە؛ تێگە دەروونییەکان بە شێوەیەکی تیەریی باس بکرەن و لە دواتریشدا لە چوارچێوەی ئەم تێگانەوە، لەبارەی ئەم پەتووکەوە قسە بکرەت.

پێشکی:

پەتووکی "هاوار"، کە لە نووسینی چیرەکنووس و ەەمانووسی کورد، ئەحلام مەنسوورە، لە ساەی ٢٠٠٩، لە بەەوەبەرایەتی گشتی کتەبخانە گشتییەکان لە هەولەر، لە چاپ دراوە. ئەم پەتووکە بریتییە لە ٨٦ لاپەە، کە سەرتاپای بریتییە لە باسکردنی ئەزموونی خەی. شایەنی ئاماژەبەکردنە، باسکردنی نووسەر لە ئەزموونی خەی، یاخود بەاوکردنەوەی پەتوکەك لە چوارچێوەی ئەزموون، یەکەم کاری نووسەر نەبووە، بەکو پەشووتریش پەتووکی تری، لەمە ئەزموونی خەی لە چاپداوە، بەنەوی "گرەوی چاوکانی ئەم - ئەزموو"، بەەام ەنگە ئەم پەتووکە ٨٦ لاپەەیەی نووسەر، کە چوار ساە بەر لە مردنی نووسیویەتی، زیاتر جێگەی سەرنجبەت، چونکە لە خوێندنەوەی ئەم پەتووکە ئەوە دەردکەوەت، کە چەن نووسەر هەوەکانی خەی چەکردووەتەوە سەر چەند بابەتەك لەمانەش: خەشویستیی، ئازادیی، تابەکان و ژەردەستەیی و … تاد.
خوێندنەوە بە ئەم پەتووکە، لە چوارچێوەی هەندە ەەهەندی دەروونیی خەی دەبینەتەوە، کە نووسەر لەم پەتووکە ئەزموونەیەوە ئاماژەی بە دەکات. بەیە لەم خوێندنەوەیەدا هەوە دەدرەت، لە چوارچێوەی چەند تێگەیەکی دەروونشیکارییەوە، کە هەریەك لەم تێگەیانە لە داهەنانی کەسایەتییەکی دیاری نەو بواری دەروونزانین؛ شرۆڤەیەك بە ئەم پەتووکە بکرەت. تێگەکانیش بریتیین لە: "شێوازی ژیان، پەرسەنا و ئازادی پەزەتیف."

١- شێوازی ژیان (Life Style):

ئەم تێگەیە، لە داهێنانی بیرمەندی بواری دەروونزانی ئەلفرێد ئادلەر (١٨٧٠-١٩٤٧). دەتوانین بڵێین، کە ئەم تێگەیە لەناو کارەکانی ئادلەردا، شوێنێکی سەنتەریی گرتووە، چونکە ئادلەر گرینگییەکی زۆری بەم تێگەیە داوە و هەوڵی داوە، کە زۆرێك لە هزرە شیکارییەکانی خۆی لە بارەی کەسایەتی مرۆڤ لە ڕێگەیەوە بخاتە ڕوو.(1)

لە ڕوانگەی ئادلەرەوە، شێوازی ژیان بریتییە لەو شێوازە تایبەتەی، کە هەرتاکێك لە ئەمە دەیگرێتە بەر، بە ئەوەی گوزارشت لەخۆی بکات. سەرباری ئەوەش ئەو پێی وایە شێوازی ژیانی هەر تاکێك جیاوزە لەگەڵ یەکێکی تر، چونکە هەر تاکێك، هەڵگری شێوازێکی تایبەتە لە سیفات و تێگەیشتن لە کولتوور و دابونەریت. هەروەك چۆن فرۆید دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ، بە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵییەوە گرێدەدات، ئادلەریش بەهەمان شێوە قۆناغی سەرەتایی لە ژیانی تاك، بە دروستکاری تەواوی شێوازی ژیانی کەسایەتییەکان دەستنیشان دەکات. بەیەش پێی وایە، کە شێوازی ژیان، وەك دەرەنجامی مامەڵەکردنی دایك/ باوك لە تەمەنی چوار تا پێنج ساڵی لە تەمەنی منداڵ فەمووڵە دەبێت. لەگەڵ ئەمانەشدا، پێی وایە دوای جێگیربوونی (Fixing) شێوازی ژیان لەم قۆناغەدا – واتە قۆناغی منداڵی ٤-٥ ساڵی- ئیتر دەستکاریکردن و گۆڕینی شێوازی ژیان ئەگەر بە جێگیریش نەمێنێتەوە، ئەوا گۆڕینی زۆر سەخت دەبێت.(2)

ئادلەر پێی وایە، کە مرۆڤ لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کەسانی تردا، ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك لە ژیاندا دەبێتەوە، بەیەش وەك دەرەنجامێك بە چارەسەرکردنی کێشەکان، تاك چوار شێوازی بنەڕەتی دەگرێتە بەر، ئەمانیش:

١- ویستی کۆنترۆڵکردن و خۆسەپاندن.

٢- ویستی پشتبەستن بەکەسانی تر.

٣- دوورەپەرێزیی.

٤- خواستراو لە ڕووی کەمەڵایەتییەوە.(3)

ئەوەی مەبەست بێت لەم خوێندنەوەیەدا، خاڵی چوارەمە، کە نووسەر لەم پێتووکەدا، وەك شێوازێکی ژیانی خۆی گرتوویەتییە بەر، چونکە کەسایەتی خواستراو لە ڕووی کەمەڵایەتییەوە جەرکە لە کەسایەتی، کە ویستی یارمەتیدانی کەسانی تری هەیە بەگوێرەی ئەوەی، کە کەسەکە دەیەوێت. شایەنی باسە شێوازی ژیانی هەر کەسێك تایبەتە بە خۆی. واتە ناکرێت بەراوردی بکەین بەکەسێکی تر.

بە خوێندنەوەی ئەم پێتووکە، شێوازی ژیانی نووسەر، وەك تابلۆیەکی

نەخشەندراو خەی پەشان دەدات، چونکە نووسینەکەی ئەوەمان بە دەردەخات، کە نووسەر نە ویستی خەسەپەنیی، نە خولیای دوورەپەرێزیی و پشتبەستنیشی بەکەسانی تر هەیە، بەکو دەیەوەت لە ڕەگەی نووسینەکانی نەهامەتییەکانی ژیانی کەسانی کەمەگەکەی باس بکات و لە پەتووکەکدا هەوە و تەکەشانەکانی بەرگریکردن لە ماف و ئازادی ئەواندا بخاتە ڕوو.

ئەم پەتووکە- هاوار- هەروەك چۆن ناوی هاوارە، هاوارکیشە بە ئەو کەسانەی، کە بەهەی یاسای کەمەایەتی و دابونەریتەوە، ماکی گوناهیان گرتووە، تاوەك ئەوان داهەدە بدات و پەنووسەکەی بکات بە قەغانی پاراستنیان. "وا خەریکە دەبمە ژنەالی ژان و گوناه و هەنگاوەکانیشم سەربەست، مەقەسی سەرەنجەکانم بابای دوژمنەکانمە، تازە من و مەسیح بەیاری خەمان داوە، وەرن یەکە یەکە بەهەموو خراپی ڕووەشییەکەوە لەنەو دەریای بیبیلەی چاوەکانما مەلە بکەن، پاك ببنەوە، دەریای بیبیلەکانم وا خەریکن وەك ئەلوەن لافاو دەکەن... تاد"(4)

نووسەر لە چەند شوێنەك ئاماژە بەوە دەدات، کە پەنووس دەبەت لەخزمەت کەمەە بەت و نابەت نووسەر ببەتە داردەستی کەسانی تر و بە بەرژەوەندی ماددی پەنووسەکەی بەکاربهێنەت.

"- نووسین بە گەل سوودی هەیە.

– نووسەر سامانی نەتەوایەتییە.

– هەەوەست و شارستانییە.

– نووسەر گەواهی سەردەمی خەیەتی."(5)

سەرباری ئەمەش لە چوارچەوەی ئەم پەتووکەدا دەبینین، کە شەوازی ژیانی نووسەر هەمیشە کەشمەکەش بووە، لەگەە کەسانی چواردەوری، بەتایبەت دایکی؛ داوای ئەوەی لەدەکەن، کە پەویستە وەك ئەوە بەت، کە دابونەریت بەی دیاریکردووە، بەەام لەبەر ئەوەی، کە نووسەر شەوازی ژیانی تایبەت بەخەی هەیە، هەرگیز ناچەتە ژێرباری ئەم یاسایانە و بە شەوەیەکی دژبەرەکانە، دەیەوەت بەردەوامی بدات بە ژیانی، تاوەك هەرچی یاسایەکی کەمەایەتیی نەرێنی هەیە، بەی نەبەتە تابە و هەمیشە هەوەی شکاندنیان بدات. ئەگەر چی لە هەندەك شوێندا، تووشی نائومەدی دەبەت، بەەام هەرگیز کەنادات و بەردەوامی دەدات بە شەوازی خەی. "ئەی ئەوە نییە هەمیشە دایکم پەم دەە وەك خەکی ەەفتار بکەم، ناچاریشم دەکات ختەکی بدەم.. دەەم:

– مەتەە لە باند نووسینم ناو دچدە ناو تاریخ.

بەقەد دوو هەزار کیلە مەتر جەتەکم بە دەکەشە و دەەە:

– باوك لە قنگ خەد تاریخد بخەد، خە شرین و فەرهاد نینوسید؟ ...تاد"(6)

لەو بەمـــان دەردەکەوێـــت، کە شـــوازی خواســـتراو، لە ڕووی کەمەایەتییەوە، لە شەوازی ژیانی نووسەردا ڕەنگدەداتەوە، چونکە هەرچەنـدەك، کە دژ بە دابـونەریتی کەمەگە دەوەستەتەوە، بەڵـام ئاواتی ئەویە، کە کەمەگە لە ژیانەکی نەریتیی نەرنیییەوە بگەڕێت بە ژیانەکی نەریتیی ئەرنی.

٢- نائامادەیی پەرسەنا (Persona):

پەرسەنا، وشەیەکی لاتینییە و واتای دەمامك دەگەیەنێت. لەسەردەمی یەنانییەکان، شانەکارە یەنانییەکان بە شاردنەوەی ڕووخساری خەیان لەسەر شانە، بەکاریان دەهەنا، بەڵام لە دواتردا کارل گەستاڤ یەنگ (Carl Gustav Jung) ١٨٧٥ -١٩٦١، ئەم تەگەیەی بە کـــــــ

کەمەنگە. بە سەرنجدانی ئەم پەتووکە، ئەوەمان بە ڕوون دەبینتەوە، کە دەمامکپۆشیی لە ژیانی نووسەردا، جۆگەیەکی نەماوەتەوە. هەرکات شتێك بەڕەوا بزانێت، بە ڕەواییش گەی کردووە. هیچکات کەمەنگە نەیتووانیوە ناچاری بکات، کە ژیانی لە چوارچێوەی خواستی خۆیدا بەی دیاری بکات، بەڵکو ئەو هەمیشە بە باسکردن و ڕەفتارکردن، خۆی بە بە دەمامەك دەرخستووە. "لەم ژوورە زیندانەدا سەربەستم، بە ندیخانەیەکی تاقە کەسییە و وێنەی ئەلبێر کامۆش لەسەر دیوارەکەیەتی، ئەلبێر کامۆش سەرەنج دەدا چۆن دەرپەکەم دادەکەنم لە لەوانییەوە ئەو ستەیە دەبارە:

– تە بە بەهووودیی دەرپە دادەکەنیت، دەرپەکەی تە لە بەردەکەی سیزیف دەچە، …تاد."(10)

زیادەیی نییە، کە بڵێین: ئەم پەتووکە دەرخەری ژیانی کەسەکە، کە هیچ کات کەمەنگە بەسەریدا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکو ئەو هەمیشە ئازادانە بەسەر خواستی کەمەنگەدا سەرکەوتووە.

٣- تێکۆشان بە بەدەستهێنانی ئازادییەکی پەزەتیڤ:

ئەریك فرۆم ١٩٠٠-١٩٨٠ (Eric From)، لە باسکردن بە بەدەستهێنانی ئازادیی لەلای مرۆڤدا، گریمانەی دوو جۆر لە ئازادیی دەکات، کە ئەمانیش بەدەستهێنانی ئازادیی نەرێنی و ئازادیی ئەرێنییە. فرۆم پێی وایە؛ مرۆڤەکان هەمیشە لە گەڕان بەدوای ئازادییدا، دوو ڕەنگە دەگرنە بەر، کە یەکەمیان ئەوەیە؛ تاك لە پێناوی ئەوەی ئاسایش وەدەست بخات، خۆی ناچار بەوەدەکات، کە بوونی بسپێرە بە کاری بەرهەمهێنان و یەکەتی خۆی لە گەڵ سروشت لەدەست بدات. ئەم جۆرە هەوەدانەی تاك، بە بەدەستهێنانی ئاسایش، لە ڕوانگەی فرۆمەوە، بە ئازادییەکی نەگەتیڤ دادەنرێت، چونکە لەم دەخەدا مرۆڤ بە شێوەیەکی ماسۆشییانە، لەپێناو وەدەستخستنی ئازادییەدا، ژیان دەگوزەرێنێت.(11)

لەگەڵ ئەوەشدا فرۆم پێی وایە کاتێك، کە مرۆڤ توانی سەرلەنوێ پێوەندی لەگەڵ سروشتدا دروست بکاتەوە، بە بە ئەوەی دەستبەرداری کەڵامەت و ئازادیی تاکەکەسی خۆی بێت، ئەوا ڕەنگەیەکی گونجاوە بەرەو بەدەستهێنانی ئازادییەکی پەزەتیڤ، چونکە تاك لەم جۆرەی ئازادییەدا، لە ڕەنگەی کارکردن و خۆویستییەوە، دەتوانێت لەگەڵ کەسانی چواردەوریدا یەکبگرێتەوە و کەڵامەتی خۆی و ناسنامەی مرۆڤبوونی، لەدەست نەدات.(12)

وەك لە پێشووتردا ئاماژەمان بەوەدا، کە مرۆڤ بە بەدەستهێنانی ئازادیی، ناچارە دوو ڕەنگە بگرێتە بەر، بەڵام ڕەنگەیەکیان

ئازادییەکە، کە تەنیا لە چوارچێوەی بەدەستهێنانی ئاسایشدا خۆی دەبینەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە دەستخستنی ئازادی ئەرێنی، لەدەستنەدانی ناسنامەی گەرەکە. لەوما ئەوەی جێگەی سەرنج بێت لەم پێتووکە ئەوەیە؛ کە نووسەر ئەدای ئازادییەك دەکات، کە بە هیچ شێوەیەك کەڵامەت و مرۆڤبوونی خۆی لەدەست نادات، بەڵکو هەمیشە بە بەدەستهێنانی ئازادیی و ناسنامەی خۆی، پشتی کردووەتە سەرمایە و ماددە.

ئەم -ئەحلام- دەیەوێت ژیانێك بژیت، کە لە ڕێگەی کارکردن و ماندووبوونی خۆی بێت، نەوەك کەسێکی نامەبەت و لەترسی لەدەستدانی ئاسایشی خۆی، ناچار بکرێت بە جۆرێك لە ژیان، کە مرۆڤبوونی خۆی پێلەدەست بدات. "من هەمیشە فەرم ووبووی مینەتیەکان دەبمەوە، خەمم نەدەماند و … تاد"(13)

سەرباری ئەمەش، نووسەر بەوەش نەوەستاوە، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر ڕاشکاوانە، ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت، کە بە بەدەستهێنانی ماددە و ناوبانگ، ئازادیی خۆیان دەخەنە ژێر باری پرسیارەوە.

"ماركس دەڵێت:

– مرۆڤ بەرزترین سەرمایەیە.

فەکەش دەڵێت:

– مرۆڤ مرد.

منیش دەڵێم:

– ئەگەر خوێن نەوت بوایە، هەموو ڕۆژە خۆی لە بازاڕی ڕەشدا دەفرۆشت."(14)

لە سەرەتای پێتووکەوە تا کۆتایی، نووسەر هەمیشە ویستوویەتی ئازادییەك بژێت، کە نە خۆی بفرۆشێت و نە ببێت بە پاشکۆی کەس. تەنانەت کاتێك لەو پێتووکەدا، کۆتایی بە نووسینەکانی دەهێنێت، وەك ئەوەی وەبیرمان بێنێتەوە دەڵێت: "من ئەحلام مەنسوورم، دیوارێکی ئەستوور لە نێوانماندا هەیە، ئەوە کوێرن، نامبینن؟ من هەمووتان دەبینم، خەم نافرۆشم نا …"(15)

ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم خوێندنەوەیەدا، دەگەین بە چەند ئەنجامێك، ئەمیش ئەوەیە؛ کە ئەم پێتووکە هەڵگری چەندەها هەندێکی دەروونییە، کە لە کەسایەتی نووسەردا خۆی دەردەخات. هەروەها نووسەر شێوازێك لەژیانی هەڵبژاردووە، کە تایبەتە بە خودی خۆی و هەمیشە ئەو شێوازی ژیانیشی، هەڵگری پەیامێکی هاوکاریی و مرۆڤدۆستییە. سەرباری ئەمەش، نووسەر هەمیشە ویستوویەتی بە ڕاشکاوانە بپێچە و لە

کەمەگەدا؛ بە ڕاستگۆیی و بەبێ بەکارهێنانی هیچ دەمامکێك، کە ڕاستییەتی ئەو بشارەتەوە ڕەفتار بکات، بەکو هەمیشە خودی ڕاستەقینەی خۆی، پێشانی کەمەگە داوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نووسەر هەمیشە لە پەناو وەدەستخستنی ئازادیی، ڕەگەیەکی ڕاستی گرتووەتە بەر. ئەم – ئەحلام- نەیویستووە بە بەدەستهێنانی ئاسایش، ئازادی خۆی لەدەست بدات، بەکو لە ڕەگەی گەڕان بەدوای ئازادییدا، هەمیشە یەکێتیی و مرۆڤبوونی خۆی پاراستووە.

خەلیل سەلیم
زانستگەی سەران
-_____

سەرچاوە و پەراوێزەکان

*ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژمارە (1)ی گۆڤاری "کەلەن" بەهاری 2017، بڵاوکراوەتەوە.

1- شاملە، سەعید، قوتابخانە و تیۆرکانی دەروونزانی کەسایەتی، و. محمد، فرەسك ئەزگار و عەلی، سیدە داود ، چ1، سلێمانی: گەنج، ٢٠١٠، ل. ١٣٨.
2- سنچولی، احمد و کیچی، زهرا، تحلیل شخصیتدمنه با تکیه بر نقریە روانشناسی فردی ئلفرد ئدلر، ٢٠١٤، ژ: ٢٢٩، زبان و ادب فارسی (نشریە سابق دانشکدە ادبیات دانشگاه تبریز).
3- نباشری، محبوبە، نقد روان کاویە شخصیت در داستان پادشاه جهود و وزیر مپنوی معنوی بر اساس نقریە الفرد ادلر، ماڵپەڕی ئەنجوومەنی فارسی، ٢٠١٧. www.anjomanfarsi.ir/pdf/pa8/1123.pdf (26/1/2017)
4- مەنسوور، ئەحلام، هاوار، هەولێر: ئاراس ، ٢٠٠٩، ل. ٥٤.
5- س. پ، ل. ٤٩-٥٠.
6- س. پ، ل. ٣٨.
7- گەستاڤ یەنگ، کارل، مرۆڤ و هێماکانی، و. ئاوات ئەحمەد، سلێمانی: سەردەم، ٢٠٠٥، چ1، ل. ١٧.
8- احمد عزیز، عزالدین، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٠، چ1، ل. ١٩٣.
9- مەنسوور، ئەحلام، هاوار، ل. ٤٥.
10- س. پ، ل. ٦٠.
11- نوابخش، میهرداد و کەرەمی، ئەمین، مەعریفە و فرانکفەرد، و. سەران کەسنەزانی، هەڵەبجە: هەژار موکریانی، ٢٠١٢، ل. ١٣١.

12- فـرەم، ئەریـك، هەهـاتن لە ئـازادی، و. هەژار جـوانەیی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج، ٢٠٠٦، ل. ٢١١.
13- مەنسوور، ئەحلام، هاوار، ل. ٨١.
14- س. پ، ل. ٦٠.
15- س. پ، ل. ٨٦.